ئێران هەڕەشە دەکات: هەر وڵاتێک ئاسانکاری بە هێرشکردنە سەر ئێران بکات، دەبێتە ئامانجێکی شەرعی

عەزیز نەسیرزادە وەزیری بەرگریی ئێران ڕۆژی دووشەممە دووپاتی کردەوە کە هەر وڵاتێک ئاسانکاری بە هێرشکردنە سەر ئێران بکات یان بنکە بە دوژمن دابین بکات بە دەستپێکردنی هێرشێکی لێو شوێنە بە ئامانجێکی شەرعی هەژمار دەکرێت.

زادە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: لە وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکدا سوپرایزی سەربازیی ئازاربەخشمان دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە هەر شوێنێک بێت هێرش دەکەینە سەر بەرژەوەندییەکانی دوژمن لە ئێگری هەر هێرشێک بە سەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان.